دەک لە زاخی بردۆ و بە یەکەمجار نازناوی جامی عێراقی بەدەستهێنا



لە جامی عێراق دەک بە لەدانە یەکلاکەرەوەکان لە زاخی بردۆ و بە یەکەمجار نازناوەکەی بەدەستهێنا.

لە یاریی کۆتایی جامی عێراق، هەردوو یانەی زاخ و هەولێر لە یاریگای شەعب لە بەغدای پایتەخت روویەروویی یەکبونەوە.

لە تایمی یەکەمدا، هەردوو یانە ئاستەکی مامناوەندیان پێشکەشکرد و سەرکەوتوو نەبوون لە تۆمارکردنی گۆڵ.

لە تایمی دووەمدا، لە خولەکی 65 پاتریک مارسیلینیۆی یاریزانی زاخ بە کارتی سوور کرایە دەرەوە و لەو تایمە و دوو تایمی زیادکراویش هیچ کام لە هەردوو یانە نەیانتوانی گۆڵ تۆمار بکەن و بە بێ گۆڵ کۆتاییهات.

دواتر بە لەدانە یەکلاکەرەوەکان، دەک بە ئەنجامی پێنج بەرامبەر چوار لەدان یاریەکەی لە زاخ بردەوە.

بەو ئەنجامە، یانەی دەک بە یەکەمجار لە مێژوویدا توانی نازناوی جامی عێراق بەدەستبهێنێت و زاخ لە پلەی دووەمدا بوو.